


کۆمەڵێك مامۆستای ئامادەیی سلێمانی کچان

# ئامادەیی سلێمانی کچان
# (خەلاتی یۆبیلی زێڕین)

ئا/ دانا رەشید

لەداهێنانێکی نوێی (ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك)دا، رێز لەنیو سەدە تەمەنی خوێندنگەی ئامادەیی سلێمانی کچان گیراو خەڵاتی یۆبیلی زێڕینی پێ بەخشرا.

بەئامادەبوونی خاتوو هێرۆ ئیبرایم ئەحمەد، خانمی یەکەمی عێراق و بەرپرسانی پەروەردەیی و میوانان و مامۆستایان و خوێندکاران و میدیاکان رۆژی یادی (٥٠) ساڵەی ئامادەیی سلێمانی کچان کرایەوە.

یادەکە بەپێشکەشکردنی سرودی (ئەی رەقیب) دەستی پێکرد، کە لەلایەن دەستە کچێکی خوێندنگەکەوە ئامادە کرابوو، دواتر چەند گۆرانیەکی کۆن بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرا.

وەك دوایین بەڕێوەبەری خوێندنگەکە، نازەنین ئەحمەد لە وتەیەکیدا سوپاسی خۆی و خوێندنگەکەی ئاڕاستەی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کرد، لەبەرامبەر دابینکردنی هۆڵێکی گەورەی نوێ بۆ خوێندنگەکەیان و سوپاسی ناوەندی چاپەمەنیی و راگەیاندنیی خاك و مەریوان عومەر بەڕێوەبەری راگەیاندنی گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم یادە، پاشان خەڵاتی یۆبیلیی زێڕین بەسەر ئەو بەڕێوەبەر نمونەییانەدا پێشکەشکرا کە لەگەشەسەندنی ئەو ئامادەییا رۆڵی بەرچاویان هەبووە ئەوانیش بەڕێزان (خاتوو نەسرین مستەفا مەزهەر، درەخشان شێخ جەلال حەفید، گوزیدە ساڵح قەفتان، حەسیبە غەنی عەبدوڵڵا شاڵی، نەزیرە شێخ جەلال، مونیرە مەحمود، نازەنین ئەحمەد)، پاشان بەڕێز مامۆستا (بەدیعەدارتاش) وەك مامۆستای هونەر توانی جێگایەکی دیاری هەبێت و لەگەڵ هەندێك مامۆستای موزیکی ئەو کاتە بۆیەکەمینجار لە کوردستان و عێراق تیپی موزیکی ئامادەیی سلێمانی کچانی دامەزراند.





چالاکی شانۆیی بەبۆنەی نەورۆز



مەراسیمی هەڵکردنی ئاڵا



تیپی موزیکی ئامادەیی سلێمانی کچان



پیشانگەی ساڵانە



مامۆستایان و تیپی موزیکی کچانی ئامادەیی سلێمانی

## مێژوویەك لەخوێندنگەی ئامادەیی سلێمانی كچان

پاش هەوڵێكی زۆری فێرخوازان و خەمخۆرانی شارەكە بۆ جاری یەكەم لەسلێمانی و لەساڵی ١٩٣٨ دا لەخانووی شێخ مستەفا نەقیب خوێندنگەی ناوەندی سلێمانی كچان كرایەوە، سارا خانی یامولكی یەكەم بەڕێوەبەری بوو. دواتر ساڵی (١٩٥١ - ١٩٥٢) هەر لەهەمان خوێندنگەدا بەشی وێژەیی كراوەتەوەو دوای دووساڵیش بەشی زانستیی تیادا كراوەتەوە. ساڵی (١٩٦٠ - ١٩٦١) ئەم خوێندنگەیە گواسترایەوە بۆ بینای نوێ و خوێندنگەی ئێستای ئامادەیی سلێمانی كچان، و ژمارەیەكی زۆر كچە خوێندكاری تێدا بوو. لەبەر هەڵوێستی مەردو جوامێرانەی بەڕێوەبەر و مامۆستایان و خوێدكاران و ئامادە نەبوونیان لەبۆنەو ئاهانگەكانی ڕژێمی بەعسدا، دەزگا تۆقێنەرو داپڵۆسێنەرەكانی ڕژێم هەڵیان كوتاوەتەسەر ئەم خوێدنگەیە و مامۆستایان و خوێندكارانیان ڕووبەڕووی هەڕەشەو ڕەشبگیری كردۆتەوە، هەر بۆیە لەلایەن خودی بەڕێز (مام جەلال)ەوە ستایش و دەستخۆشی لەخاتوو نەسرین مستەفا بەڕێوەبەری ئەوكاتەی ئامادەیی سلێمانی كراوە.

خۆشبەختانە لەساڵانی (١٩٧١ و ١٩٧٢ و ١٩٧٣) دا سێ جار ئەم خوێندنگەیە توانیویەتی لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەكەم بەدەست بهێنێت لەڕێژەی دەرچووندا.

بەم دواییەش دووجار پلەی یەكەمی لەبەشی زانستی لەئاستی هەرێمی كوردستان مسۆگەر كردووە. ساڵی ١٩٧٩ بەهۆی لێهاتوویی و چالاكیە وەرزشی و موسیقی و كارە هونەریەكانیەوە، كە بەسەردەمی زێڕینی ئامادەیی سلێمانی كچان ناسراوە. ئەم خوێندگەیە خاوەنی چەندین داهێنان و بیرۆكەی نوێیە، لەوانە، دروستكردنی یەكەم تیپی مۆسیقای كچان و بەكارهێنانی مۆزیك لەجیاتی زەنگ و دروستكردنی جوانترین باخچەی ئەو سەردەمە كە لە وڵاتانی دەرەوە گوڵ و نەمامی بۆ هاتووە. و بەدەستهێنانی چەندین خەڵاتی خول و فیستیڤاڵەكانی عێراق.

بەسەرفرازیەوە خوێندنگەی ئامادەیی سلێمانی كچان چەندین كەسی سەركەوتووی پێ گەیاندووە لەوانە خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، خاتوو كافیە سلێمان و چەندین ژنە پەرلەمانتار و حاكم و پزیشك.

ئەگەرچی لە ڕاپەڕینە شكۆدارەكەی ساڵی ١٩٩١دا ئەم خوێندنگەیە كەوتۆتە بەر شاڵاوی تاڵان و بڕین، بەڵام بەهیمەتی دڵسۆزان و خەمخۆرانی شاری سلێمانی، دوبارە توانیویەتی زۆر لەپێداویستی و كەلوپەلەكانی بۆ دابین بكرێتەوە.

لەكۆتاییدا پێویستە بڵێین خوێندنگەی ئامادەیی سلێمانی كچان ڕۆڵێكی كاریگەرو گرنگیی گێڕاوە. لەزیندوكردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و هۆشیاركردنەوەی خەڵكی و خزمەتكردن و پەروەردەو فێركردنی دانیشتوانی ئەم شارە.





مامۆستا درەخشان شێخ جەلال، خاتوو هێرۆ ئیبراهیم، مەریوان عومەر



نازەنین ئەحمەد، حەسیبە غەنی



مامۆستا بەدیعە دارتاش، مامۆستا کەمال نوری



نوێنەری مامۆستا مونیرە مەحمود، کافیە سلیمان